له پێشوازی ڕووداوه‌کانی ئازاردا :

## ( با به خواستی سه‌ربه‌خۆیی بۆکوردستان یاده‌کان به‌رز ڕاگرین )

مظفر عبدالله
muzafar@optusnet.com.au

خه‌ڵکی کوردستان له سی ده‌یه‌ی ڕابوردودا له لایه‌ن ڕژێمی به‌عسه‌وه ڕوو به‌ڕووی تراژیدیای جۆراو جۆر بونه‌ته‌وه که له ئاستی جهان که‌م وێنه‌به. له‌گرتن و زیندانی و ئه‌شکه‌نجه و له سێداره‌دان و سه‌رکوتی سه‌ره‌تایی ترین ئازادی یه سیاسی و مافه مه‌ده‌نی یه‌کان و تعریب و ته‌بعیس و تپجبره‌وه تا ده‌گاته جینوسایدی به کۆمه‌ڵی وه‌ك کیمیارانی ناوچه‌کانی کوردستان که تراژیدی ترینیان هه‌ڵه‌بجه و پاشان ئۆپه‌راسیۆنه‌کانی ئه‌نفال بوو که نزیکه‌ی دوو سه‌د هه‌زار که‌س تیا کوژران و بێ سه‌رو شوێن کران.

ئه‌م ڕووداوانه له کاتێکدا بوو که سیسته‌می سیاسی جهانی ده‌ست خۆشانه‌ی ئالوگر بوو له کۆتایی هه‌شتاکان و سه‌ره‌تایی نه‌وه‌ته‌کان، هه‌ر له و ده‌ورانه‌دا ڕژێمی ناسیونال فاشی به‌عس هه‌م له هێزیکی مه‌زن به‌هره‌مه‌ند بوو هه‌م ئاسۆی کۆتایی هاتنی له جه‌نگی دژی ئیران لێوه ده‌رکه‌و تبوو به‌هۆی پشت گیری زل هیزه‌کانی ئه‌و کاته‌وه، ئاماده‌بوو له ئاستی کوردستان ئه‌و تراژیدیانه بخولقێنێ که خولقاندی به به‌رچاوی ڕای گشتی جهاندا له هه‌مان کاتیشدا لێی بی ده‌نگ بوون. پاشان به دوای دوو سێ ساڵێك ڕووداوه‌کانی جهان ڕژێمی عێراقی برده به‌ر ده‌م ئاستانه‌ی واقعیه‌تێك که ببێته مه‌یدانی مل ملانی ی زل هیزه‌کان و سه‌نته‌ری سیاسی دوا ئه‌نجامی ئالوگۆڕه‌کان که ئه‌ویش ڕووداوی داگیر کردنی کوه‌یت و شه‌ڕی خه‌لیج و شکستی سه‌ربازی عیراق و پاشان ڕاپه‌رینی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی عیراق به گشتی و کوردستان به تایبه‌تی بوو. هاوکات دووباره سه‌رکوت کردنه‌وه‌ی خه‌ڵك له لایه‌ن ڕژیمه‌وه‌و ئاواره‌یی ملیۆنی خه‌ڵك بوو. هه‌موو ئه‌مانه له‌م ٤–٥ ساڵه کۆمه‌ڵه ڕووداوێکی گه‌وره بوون که نه‌ك هه‌ر له عیراق و ناوچه‌که به‌ڵکو له ئاستی جهانیش که‌م وێنه بوون. هه‌ڵبه‌ت تاوانبارانی هه‌موو ئه‌و کاره‌ساته مه‌رگ بارانه که به میلۆنان خه‌ڵکی عیراق و کوردستانی تیا چوو جگه له ڕژیمی به‌عس وه‌ك تاوانباری ڕاسته‌وخۆی ئه‌م کاره‌ساتانه هاوکات زل هێزه‌کانی جهانیش بوون، له پیشیانه‌وه ئه‌مریکاو هاوکارانی که ده‌گیر بوون له‌م کیشمه کیشه و هه‌تا ده‌وڵه‌ته ئیقلیمی یه‌کان و ته‌نانه‌ت حزبه قومی یه کوردی یه‌کان و جرو جانه‌وه‌رکانی به ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیش تیایدا هاوبه‌ش بوون. ڕاسته ڕژیمی به‌عس نوکی ڕمه‌که بوو له ئه‌نجام دانی ئه‌م کاره‌ساته تاوانباری یه دا به‌ڵام خه‌ڵکی کوردستان و ڕای ئازادیخوازی جهان هه‌رگیز نابێ ده‌ست هه‌ڵگری بکات له ڕیسوا کردنی ئه‌م لایه‌نانه‌ش. خودی بی ده‌نگی و بگره به‌رگری یان له تاوانباری وه‌ك نزار خه‌زره‌جی و چاو سور کردنه‌وه‌یان له‌وانه‌ی که خه‌ریکی دادگایی کردن و هاوکاری کردنی ئه‌وانه‌ن ئه‌م ڕاستی یه جارێکی ته‌کید ده‌کاته‌وه.

واقعیه‌ت ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌رچی ئه‌م ڕووداوانه ڕووی دا به‌ڵام له‌و کاته‌وه تا ئیستا ئه‌ك ئه‌و ڕووداوانه به تراژیدیایی و کۆمیدی یانه‌وه بونه‌ته میژوویه‌کی دیار له ژیان و خه‌باتی خه‌ڵکی کوردستان بۆ رزگاری یان له چه‌وسانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی. به‌ڵکو هاوکات بۆته ڕۆژێك بۆ ناڕه‌زایه‌تی ده‌ربڕین به ڕووی ڕژێمی به‌عس دا که زیاتر له سی ده‌ده‌یه‌یه ئه‌م رژیمه کاره‌سات له دوای کاره‌سات به‌سه‌ر ئه‌م خه‌لکه‌دا ده‌هێنێ ئه‌مه جگه له‌وه‌ی ئه‌م چه‌وسانه‌وه‌یه زیاتر له نیو سه‌ده‌ی خاباندووه و هاوکات خه‌باتی خه‌ڵکیش هه‌ر درێژه‌ی هه‌بوو ئیتر له ژیر هه‌ر ئاسۆ سیاسه‌تێك دا بوبێت ڕاست یان ناڕاست به‌ڵام خه‌با ت و قوربانی دانی خه‌ڵك بۆ ئه‌وبووه که چه‌وسانه‌وه‌یان کۆتایی پێ بێت. ئه‌وه چه‌ند ساڵشه ئه‌م ڕووداوانه‌و یاد کردنه‌وه‌یان بۆته نه‌ریتێکی ئه‌م خه‌ڵکه وه‌ك هیمایه‌کی ناڕه‌زایه‌تی به ڕووی ئه‌و زوڵم و زۆره‌دا که له لایه‌ن به‌عسه‌وه له خه‌ڵکی ده‌کرێت. وه هه‌موو ساڵێك به شێوه‌ی جۆراو جۆر له ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه‌ی کوردستان کۆڕو کۆمه‌ل و بۆنه‌ی جۆراو جۆر ساز ده‌درێت. هه‌ر زوو خه‌ڵك و هێزه سیاسیه‌کان له پێشوازی ئه‌م یادانه خۆیان ئاماده ده‌که‌ن، . ئه‌مه ئه‌گه‌رچی بۆ خه‌ڵکی کوردستان ساڵانی پێش ئه‌م ڕووداوانه ڕۆژی نه‌ورۆز که سیماو ڕه‌وه‌ندێکی زۆر کۆمه‌لایه‌تی به خۆوه گرتوه ببوه ڕۆژی ناڕه‌زایه‌تی خه‌ڵك به ڕووی ڕژێمی به‌عس دا. به‌ڵام ئێستا ئه‌م ڕۆژی ناره‌زایه‌تی یه وه‌ك ووتمان له یادی هه‌ڵه‌بجه و ئه‌نفال چه‌قی به‌ستووه. له‌م چه‌ند ساڵانه‌ی ڕابردوو ئه‌گه‌رچی حزبه بۆرژوا کوردی یه‌کان زیاتر ینك و پدك هه‌وڵیان داوه بۆ مه‌به‌ستی سیاسی خۆیان که‌ڵك له‌م کاره‌سات و بۆنانه وه‌ربگرن و خه‌ڵکی وه‌ك چه‌ندین ساڵی ڕابردوو ده‌سته‌مۆ بکه‌ن بۆ ئامانجه لێله‌کانی خۆبان و موناسه‌به‌ی جۆراو جۆرایان ڕێك ده‌خست چ به ناوی خۆیانه‌وه یان به‌ناوی کۆڕو کۆمه‌ڵه‌کانیانه‌وه له ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه. هه‌وڵیان ده‌دا به ناوی برایه‌تی و یه‌کپارچه‌یی و هاوخۆینی و هاونیشتمانی و کوردایه‌تی و کورده‌واری و چی چی خه‌ڵکی ته‌فره بده‌ن له ده‌وری سیاسه‌ت و ئامانجه‌کانی خۆیان که خۆیان ته‌ره‌ف بوونه له خولقاندنی ئه‌م کاره‌ساتانه. ئێستا خه‌ڵکی کوردستانیش رۆژ به‌رۆژ ئه‌م ڕاستی یانه‌ی باشتر بۆ ڕوون

دەبێتەوە هەر بۆیەش ئەوە چەند ساڵە خەڵکی بە تایبەتی لە دەرەوەی کوردستان، کە پێویستیان بە ڕاوەرگرتنی ئەم حزبانە نی یە وەك کورستان بۆ سازدانی موناسەبات، بە شیوەی جۆراجۆر دەیانەوی پیشوازی بکەن. هەڵبەت ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێکی ئیجابی یەو ڕاستی یەك دەسەلمێنێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن بە باشترین شێوە دەکرێ پێشوازی لەم ڕۆژە بکەین ؟؟ بە چ دروشم و خواستێکەوە ؟؟ لەهەر وولاتە لە کۆی و لە کەی دا ئەم چالاکیانە بەم بۆنانەوە ساز بدرێت ؟؟ کردنی ئەم پرسیارانە لە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوی پێشوازی ئەم بۆنانە بکەن و گەڕان بە دوای وەلاّمی ڕاست و دروست و ڕەوا کە ڕەنگ دانەوەی خواستە بەر هەرقەکانی خەڵکی بێت دوا بزمار دەدات لە تابوتی ڕژیمی هاری بەعس بۆ نەگەرانەوەی یەکجاری بۆ کوردستان و چەند بارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتە جەرگ بڕانە و هاوکات دەستی ئەم حزبانەش کورت دەکرێتەوە لەوەی کە بە ئارەزووی خۆیان هەر خەریکی بازرگانی سیاسەت بن کە لەم بازرگانی یەش خەڵکی کوردستان دەکەنە قوربانی و سەرگومیان دەکەن لە گیژەڵوکەی سیاسەتەکانی خۆیان کە هەمیشە لە دوا خولانەوەی کیژەڵوکەیان دەکەونەوە ناو ئینجانەکەی سەدام حوسەین. لە ڕوویەکی تریشەوە لە جیاتی یادکردنەوەیەکی ڕووت و فرمیسك رشتن و داد و فوغان و یاد کردنەوە بێت لە پیناوی یاد کردنەوە، یان لەوپەری حاڵەتی باشی دا شێوەیەك لە ناڕەزایەتی بێت دەکرێت ئەم شیوە یاد کردنەوە و ناڕەزایەتی یە چوار چێوەو ئاسۆو ئامانجی ڕۆشنی بۆ بەرز بکرێتەوە. جیاواز لە هەر بیرو بۆچونیکی دەمار گیری پێویستە بە دەوری دروشم و خواستی بەرهەقی خودی خەڵکی کوردستان کۆببینەوە کە چەند ساڵە خەباتی بۆ دەکەن ئەویش کۆتایی هینان بەم چەوسانەوەو کارەساتانەیە کە لە لایەن رژیمە ناسیونال فاشستەکانی عیراقەوە لەم خەڵکە کراوەو دەکرێت. ئەو دروشم و خواستانە کە سەربەخۆی کوردستان و کۆتایی هێنان بەم باردۆخەی هەر ئەمرۆ نەك بە شێوەی گەرانەوە بۆ باوەشی ڕژێم بەڵکو تەکاندانی بەرەو پێشەوە بۆ پێك هێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە بێت یان نەبێت !!. کە هەر پێستا ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی یە و تەنانەت حزبە قومی‌یەکانیش سەرەرای هەر کفتو گۆو دژایەتی یەکیان لەگەڵ خەڵك بەلاّم وەختێك دێتە سەر ئەم داوایە ناچارن بڵیین ئیمەش خەونی پێوە دەبینین بەڵام واقعی نی یە. مەسەلەستم لەوەیە کە هیچ لایەك ناتوانی ئینکاری لەم داوا ڕەوایە بکات. هاوکات پێویستە لەم بۆنەو چالاکی یانە ئەو ڕژیم و لایەن و هیزە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی یانەش ریسوا و مەحکومە بکرێت کە تەرەف بوونە لەم کارەساتەو کەم تا زۆر چ بە کۆمەکی بەعس بو بێت یا خود بێ دەنگە لێ کردنی بو بێت یان دەرگیری شەڕ بو بێت. وە داوا بکرێت کە سەرانی بەعس وەك خەزرەجی دادگایی بکریت و کاری جدی بۆ ملاحەقە و دادگایی کردنی ئەمانە بکرێت. وە دووبارە حزبە کوردی یەکان ڕیسوا بکرێت و وا دار بکرین تا دەست هەڵبگرن لە چاو سور کردنەوە لەوانەی بە شوین ملاحەقە و دەدگایی کردنی خەزرەجی یەکانەوەن.

بەڵام دروست ئەوەیە هەموو ئەم خواستانە لە ڕۆژێکدا و لەبەردەم نوسینگەکانی یو ئین و پەرلەمانی دەوڵەتەکان بکرێت و خواستی سەربەخۆیی بدرێت بە ڕووی ئەمانە دا و فشاریان بۆ بهێنرێت بۆ شەرعی کردنەوەی ئەم خواستە لە ڕێگای دەنگ دانی خەڵکی کوردستانەوە. هەروەها بیر خەرەوەی ناڕەزایەتی یان بدرێتێ و دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی یو ین و ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ ساز بکرێت بۆ پشتیوانی لەم خواستە. ئەم مەسەلەیە زۆر سادەیە، ئەوەی کە نایەلێ ئەم خواستەی خەڵکی بێتە دی تەنها بەعس نی یە بەڵکو وولاتانی ڕۆژئاواو خودی ڕێکخراوی نیو دەڵەوتەتیشە. ئەمە جگە لەوەی ئەم وولاتانەو ئەم ڕێکخراوانە هەرگیز بە خۆشی خۆیان نایەن ئەم مافە بۆ خەڵکی پێشنیار بکەن و بە ڕەوای بزانن ئەگەر خەڵکی خۆیان بەرزی نەکەنەوە. هیچ چین و توێژو گەلێك نەبووە لەسەرەوە مافی بدرێتێ ئەگەر خۆی بە زۆری زۆرداری وەری نەگرتبێ.

ئەم خواستانە ئەگەرچی لە لایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یەوە چەند ساڵە بەرز ڕاگیراوە و هەر ئیستا بۆتە خواستی ئاشکرای هەزاران کەس و بۆتە بەدیلێکی واقعی و زیندوو پێشنیارکراو لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هاوکات ئەمە خواستی خەڵکیشە ئەگەرچی هیشتا بە هەر بەهانەیەکەوە بوو بێت لە دەوری کۆنەبوبیتنەوە. بەلاّم پێوستە لەسەر هەر لایەن و کەسێکی ئازادیخواز کە خۆی بە خەبات گێری دڵسۆزی خەڵکی کوردستان دەزانێ بێت چ لە دەوری ئەم خواستە کۆ ببێتەوە، چ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت و بیەوێ لە ژێر ئەم خواستانەدا هاوکاری بکات. ئەمە ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە هەر ئەمڕۆ دەستیان داوەتە پێك هینانی کۆڕو کۆمەڵ بۆ یادی ئەو کارەساتانە. بەم شێوەیە ئەم یادانە دەبێتە ئامرازێك بۆ بەدی هێنانی خواستەکانمان. ساز دانی هەر کۆڕو کۆمەڵێك بە بێ بەرز کردنەوەی ئەم خواستانە بە تایبەتی خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی جگە لە یاد و نارەزایەتی بی خواست و تجرید کردنی لە ناوەرۆکی خەباتکارانەی هیچی تری ٰلی دەرناچێت. لە کۆتایی دا ماندو بونی هەموو ئەو چالاکیانە دەچێتە ژێر ئاسۆی ئەو حزبانەوەی کە چەندین ساڵە بەم شیوەیە ئەم یادانە دەکەنەوەو هەمان سیاسەت سایە دەکات بەسەری دا یا خود بە شیوەیەی نارەزایەتی یەکی بی خواست بە هەمان ڕیڕەودا دەڕوات.

ئیمە بانگەوازی هەموو کەس و لایەنیکی ئازادیخواز دەکەین بۆ هاوکاری لە ژێر ئەم خواستە رۆشنانەدا دەستیان دەگوشین.